# تێکەڵاوبوونی زەمەن وشوێن لەماجەراکانی سەلمانی فارسی

**ئاوات محەمەد پیروەیس**

کاتێک دەمانەوێت مێژوو بنووسینەوە، ئەوا جوانترین شێوەکانی نووسینەوە گێڕانەوە ئەنجامی دەدات، لەبەرئەوەی دەچێتە ناو وردەکاری و رووداوەکانەوە، واتە گێڕانەوەی رووداو وەک کاری پاڵەوان ناگێڕێتەوە، بەڵکو ئەوانەی دەکەنەوە پەراوێزی رووداوەکان و وەک پاڵەوان دەرناکەون، هەموو ئەمانە دەبنە بنەمایەکی سەرەکی بۆ خوێندنەوەی رۆمانێک کەزیاتر پشت بەتوخمەکانی مێژوو دەبەستێت، بەڵام مێژوویەکی دیاری کراو نا، بەڵکو درێژکردنەوەی هەموو مێژووەکانە لەناو یەک دەقدا، وات ئەم رۆمانەی یوسف عیزەدین بریتی نییە لەگێڕانەی مێژوو وەک رابردوویەک و چەمکی گێڕانەوە لەناو یادەوەرییەکاندا بەکار بهێنێت، بەڵکو زەمەن لەم رۆمانەدا جێگیر نییە، لەنێوان ئێستا و رابدوو و رابردووی دووردا هاتوچۆ دەکات، کەواتە نوسەر ئەیەوێت پرسیاری زەمان بکات نەک مێژوو، ئەو تافەی رووداوەکانی چیرۆکەکەی تێدا روودەدات و ئەوەی یادەوەریش رووداوەکانی دەچنێت، کەلێرەوە لەگێڕانەوەی واقع وەک خۆی دوور دەکەوینەوە، بەم شێوەیە ئەو جوڵەیەی زەمەن دەیکات و رووداوە مێژوویەکان دیاری دەکەن پرسیاری زەمەن دەکات نەک پرسیاری مێژوو، کەزەمەن لەم رۆمانەدا تێکەڵاوییەک بەخۆییەوە دەبینێت، زەمەن دیاریکراو نییە، بەڵکو تەواو بەیەکتری تێکەڵاو بووە، ئەوەتا نووسەر لەزەمەنی سەلمانی فارسی یەکەمەوە بەرەو زەمەنی دواهەمین سەلمانی فارسی دەچێت، لەهاتنی یەکەمین سۆزانییە جوانەکەوە بۆ مردنی دواهەمین سۆزانی، لەزەمەنی ئێستاوە یان باشترە لەزەمەنی هەشتاکانی سەدەی بیستەوە بۆ زەمەنی تاریقی کوڕی زیاد، کەگێڕانەوی چیرۆکە سەیرەکەی تارقی کوڕی زیاد پێویستی بەلێکدانەوە هەیە، لەبەرچی کەپەڕیووە هەموو کەشتیەکانی سووتاند، ئایا لەبەرئەوەی مێژوویەکی نوێ درووست بکات لەهەموو فتوحاتەکانی تری دابڕێت، یان ئەیویست بچێت بۆ خاکی ناشوێن و لەوێدا شوێنێک بۆ پەرستنێکی نوێ بدۆزێتەوە؟ هەروەها شوێن لەم رۆمانەدا یەک شوێن نییە بەڵکو زۆرجار دووجار دەگەڕێنەوە بۆ هەمان شوێن، ئەوەتا لەزەوی عەرەبییەوە دەچین بۆ زەوی تورک و لەوێوە بۆ سەر خاکە سلێمانی، دواجار هەموو شوێنەکان دەچنەوە بۆ ئەندەلووس و دەگەڕێینەوە بۆ چیرۆکە سەیرەکەی تاریقی کوڕی زیاد، ئامادەکردنی ئەم هەموو زەمەنە و بەستەنەوەی بەیادەوەریی مرۆڤەکانەوە، ئەو یادەوەرییەی نووسەر ئامادەی دەکات و گێڕەرەوە وەک توخمی سەرەکی بەهەموویاندا تێپەڕ دەبێت، گۆڕأنکارییەکان بەپێی زەمەن و بوون روودەدەن، واتە لێکدانەوەی بوونە بەپێی زەمەن، واتە مێژووی ئێمە دەبێتە سەرەتای دۆزینەوەی جۆرێکی تر لەگێڕانەوە، کەدەکرێت لەهەموو تافاکاندا ئێمە لوونمان هەبووبێت وهەمان روودا سەرلەنوێ لەگەڵًمان رووبداتەوە، وەک مەسەلەی ئەنفال، کەئەوەندەی کردەیەکە پەیوەستە بەزەمەنی جیاوە، ئەوەندە پەیوەست نییە بەشوێنەوە، هەروەها، وەک ئاماژەمان پێدا ئەوە تەنها زەمەنەکان نییە تێکەڵاو بووە، بەڵکو شوێنەکانیش تێکەڵاو بوون، هەمووشیان بۆ یەک مەبەست، ئەویش کوشتنی ئەوی ترە لەناو مێژوودا، واتە نەفرەتی زەمەنێک کەئێستا جێبەجێ دەکرێت.

لەم رۆمانەدا تەنها شوێنێک دیارە کەزەوییەکە شوێنێکە ناوی شاری سلێمانیە، کەنووسەر لەرێگەی هەڵگێڕانەوەی پیتەکانەوە شوینێکی نوێی لێدرووست کردووە، ناوی ناوە ینامێلس، شویَ،ەکانی تر لەوەهم دەچن، لەبەرئەوەی هیچ سیمایەکی تری نییە، ئەم شارە تاکە شوێنێکە

بەتەواوەتی ماوتەوە، لەبەرئەوەیە هەموو نەخشەکان بۆ ئەوەیە لەگەڵ زەویدا تەخت بکرێت و یادەوەرییەکانی ئەم شارەش خاپوور بکرێت، وەک چۆن کاتی خۆی وەک لەم رۆمانەدا هاتووە سوڵتان سلێمانی قانونوی هەمان کاری کرد، بەڵام کەچوو چووە شارێکی چۆڵەوە و لەوێدا دوا نەگبەتی خۆی تاقیکردەوە و لەخەوندا هەموو شتەکانی تەواو کرد، تێکەڵاوکردنی شوێن لای تەنە یوسف عیزەدین ا لەخەوندا نییە، بەڵکو لەبیرکردنەوەیدا هەیە، هەموو بیرکردنەوەکان بۆ دۆزینەوە شوێنێکە پێشتر لەیادەوەریا هەبووبێت، وەک زەوی خەون و زەوی لەعنەت و سەر زەمینی سۆزانییەکان، کەلێرەوە زەمەنی مێژوویی لەبەرامبەر زەمەنی سیحریدا پاشەکشە دەکات و پرسیاری کات و شوێنمان لەیەک چرکەدا لێدەکات، ئای ئەم دووانە بەراستی بوونیان هەیە، یان هەوڵدانێکە بۆ دۆزینەوەی شوێنێک پێویستی بەوێرانکردن هەیە، کەسەراپای رۆمانەکە لەسەر ئەیم خاڵە کاردەکات، چۆن لەبەربەیانی مێژووە مرۆڤەکانی ئەوێ بیر لەکاولکردنی خاکی سلێمانی دەکەنەوە.

لێرەدا هەندێک ئاماژەی ناو رۆمانەکە هەیە، لێکدانەوەی بۆ دەکەین، لەسەرەتای  رۆمانەکەدا سەلمانی فارسی ئاماژە بەشتێک دەدات، چۆن تاریقی کوڕی زیاد مەبەستی لەسووتاندنی کەشتییەکان (تەنها مەبەستی لەوە نەبووە ناچاریان بکات بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر بجەنگن و سەربکەون، بەڵکو مەبەستی بووە رابردوویان بسڕێتەوە، بەرەو رووی داهاتوویەکی نەزانراویان بکاتەوە، کەتەنها خۆیان دەتوانن بەدەستی بهێنن) ئەم رستانە زۆرێک لەو دەلالەتانەی پشت سەفرەکەی ئەو سەرکردەیەمان بۆ روونەکاتەوە، کەئەمە یەکەم سەفەری ئەفسوناوی نییە لەمێژوودا روویدا بێت، بەڵکو یەکێکە لەسەفەرە ئەفسووناوییەکان، هەر لەبەرئەوەیە سەلمان دەڵێت ئەگەر هەر هەمووشیان بکوژرایانە ئەوان هەر سەرکەوتوو بوون، لەبەرئەوەی ئەمان شوێنێک نییە بۆی بگەڕێنەوە، رابردوویەکیان نییە تابیری لێبکەنەوە، لێرەوەیە رابردوو دەبێتە ئەو حاڵەتە تێکەڵو پێکەڵەی کەمرۆڤ بەداوی خۆیدا بۆ ژیان رادەکێشێت.

لەشوێنێکی تردا باس لەشاعیربوونی جەلاد یان سەرکردەی بکوژ دەکات، چۆن لەو کاتەوە تەنها بەخەون شەڕ دەکات و بەخەون سەردەکەوێت، بەڵام لەواقعدا شکست لەدوای شکست بەسەریدا دێت، ئەوەتا بەردەستەکەی پێیدەڵێت لەوەتەی بەڕێزتان خوتان داوەتە شیعر هەموو شتەکانتان لێتێکچووە، کەواتە ئەم رۆمان چ لەسەر ئاستی واقع و ص لەسەر ئاستی ئەندێشە یەک وێنەی سەرەکی هەیە؟، ئەویش مەرگە یان کاولکاری، کەدەبێت هەموو شوێنێک بگرێتەوە، هەروەها جیاوازییە ئایدۆلۆژییەکان لەنێوان خواردنی بەراز و نەخواردنی، هەردووکیان باس لەوە دەکەن لەیەک خواوەندەوە نامەکەیان بۆ هاتووەتە خوارێ، کەئەمەش بۆ خۆی دەبێتە هۆی هەڵگیرسانی شەرێکی تری ئایدۆلۆژی.

یەکێک لەو خالە گرنگانەی لەم دەقەدا بەرچاو دەکەوێت بریتیە لەگەڕانەوە بۆ سەرتای سەرتا، کەپێش هەبوونی هەبووەکان هەموو شتێک وشە و قسە بووە، واتە سەرەتا گەردوون وشە بووە و دواتر هاتووەتە درووست بوون، هەموو ئایین و ئەفسانەکان جەغت لەمە دەکەوەنەوە، ئەوەتا لەسەر زاری جەنگاوەرێکەوە دەڵێت (دواجار تەنها شتێک لەم دنیایەدا لەناو ناچێت دەنگە، هەروەها ئەوانەی زۆرترین حیکایەت دەزانن لەو دەنگە نادیارانەوە وەریانگرتووە کەبەهەموو گەردووندا هاتوچۆ دەکەن، کەدەنگ خۆبەخۆ دەکەوێتە ناشوێن ونازەمەنەوە،واتە دەکەوێتە سەرمەدییەتی بەراییەوە و ناکرێت بەهیچ شێوەیەک لێکدانەوەی بۆ بکەین، بەپێی ئەو تێگەیشتنە کۆنانە دەنگ نەسەرەتا و نەکۆتای هەیە، لێرەوە رەهابوونی دەنگ یان قسە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کەگەردوون سەرتا لەدەنگ پەیدا بووە، بەپێی لێکدانەوە زانستییەکانیش

**تەقینەوەی گەورە سەرەتای درووستبوونی گەردوونە، کەواتە بیستنی حەکایەتەکان لەڕێگەی دەنگەوە ئەوەمان بۆ لێکدەداتەوە، چۆن هەمیشە مرۆڤ بۆ خۆدزینەوە لەوەڵامی پرسیارەکان، وەک چۆن سەلمانی فارسی لەڕێگەی سولالەکانیەوە دووبارە دەبێتەوە، دواهەمینیان ئەو کەسەیە وەک خۆفرۆشێک دەردەکەوێت و هەموو رقی خۆی بۆ تۆڵەسەندنەوە لەکوردان بەکار دەهێنێت، دەنگیک لەم رۆمانەدا هەیە هەمیش داوای تۆڵەسەندنەوە لەو قەومە دەکات، کەخۆیان بەهەڵگری پەیما پیرۆزەکە ناو دەبەن، تۆڵەش لەقەومێک هەمیشە وەک زەندەقی ناسراوون، ئەو دەنگە لەدوا ماجەرانی سەلمانی حەوتەمدا دووبارە دەبێتەوە، کەهەمان دەنگە لەگەڵ سەلمانی یەکەمدا قسەی کردووە و پەیامەکەی بۆیان دووبارە دەکاتەوە، ئێمە لەبەردەم دەقێکداین لەمێژوودا نوقمە و زەمەنیش ئەمێستاکەیە.**

**یەکێک لەو چەمکانەی یوسف عیزەدین لەم دەقەدا کاری لەسەر کردووە، چەمکی سێکسە، کەبەشێوەیەکی هەمەجۆر بەکاری هێناوە، جارێک وەک چێژ جارێک وەک تۆڵەسەندنەوە، جارێک وەک جادوو، کەدەبێتە هۆی ئەوەی سوڵتان تووشی شکست بکات، جارێک بۆ ناچارکردنی سوڵتان بۆ ئەوەی بەچۆکدا بیت و درۆیەکی گەورە بکات و هەرزوو لێی پەشیمان بێتەوە، جارێک وەک کارێکی ئاسایی و سۆزانیەت، سەرەتا وەک جۆرێک لەپیرۆزی مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، کەسۆزانییەک لەدوورەوە دێتەوە وەک ئەوەی شەرەفی کارەساتێکی رزگار کردبێت، هەموو ئەم چەمکنەی سێکس پێویستی بەلێکدانەوەی تایبەت هەیە، کەنەتوانرا لەم نووسینەدا هەموو ئەمانە شیبکرێتەوە، هێندە ماوە بڵێم کەئەم دەقە بەر لەهەر شتێک ئەبێت وەک رۆمانێک یان ئەندێشەیەک تەماشای بکرێت نەک وەک گێڕانەوەی رووداوێکی مێژووی، چونکە ئەستەمە بتوانیت شوێن و کات لەم دەقەدا جیابکەیتەوە یان پانتاییەکان دیاری بکەیت.**

\- - - - - - - - - - - - - - - -

**ناوی کتێب: ماجەراکانی سەلمانی فارسی (رۆمان)**
**ناوی نووسەر: یوسف عیزەدین**
**چاپ: یانەی قەڵەم، سلێمانی، چاپی یەکەم،** 2009
**ژمارەی لاپەڕە:**110 - A4.
**لە ژمارە** 36-**ی ئەدەب و هونەری کوردستان راپۆرت بڵاوبۆتەوە.ن___ زا _** 2009 **_ لوو**
**ل ___ ئ _**17 **،( ژمارە (**